شەمخانی: ئەگەر شوێنە ئەتەمییەکانیش لەناوببرێن یارییەکە کۆتایی نەهاتوە

هاوژکارێکی عەلی خامنەیی هابەری بانگی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەمڕۆ یەکشەممە رایگەیاند، وتاتەکەی سەرەڕای هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر سێ پێگەی ئەتۆمی تا ئێستاش کێگای یۆرانیۆمی پیتێنراوی خۆی پاراستوە.

عەلی شەمخانی هاوژکاری عەلی خامنەیی لە هەژماری تایبەتی خۆی لە پلاتفۆرمی ئێکس نوسیویەتی، "ئەگەر شوێنە ئەتەمییەکانیش لەناوببرێن، یارییەکە کۆتایی نەهاتوە، مادەی دەوەمەندکراو، زانیاری ناوخۆیی و سیاسی دەمێنێتەوە".
ئاماژەی بەوەشکرد، "دەستپێشخەریی سیاسی و ئێپەراسیۆنی ئێستا لای ئەو لایەنەیە کە بە زیرەکی یارییەکە دەکات و خۆی لە هێرشی کوڕانە بەدور دەگرێت، سوپرایزەکان بەردەوامن".

سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە، دێناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاند، سوپای ئەمریکا "هێرشێکی زۆر سەرکەوتو"ی بۆ سەر سێ شوێنی ئەتۆمی ئێران ئەنجامداوە، لەنێویاندا دامەزراوەی پیتاندنی یۆرانیۆمی ژێرزەمینیی فۆردۆ .